# کشانەوەی سەدر لە حکومەت و هەڵبژاردن

19-07-2021

### نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە** : دووەمجار لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا موقتەدا سەدر بڕیاری کشانەوەی لە پرۆسەی سیاسی راگەیاند و کاری دەستەی سیاسی رەوتەکەشی هەڵپەسارد. هەنگاوی ئەمجارە کە سێ مانگ بەر لە هەڵبژاردن بڕیاری لێدا، لەکاتێکدایە لە ماوەی رابردوودا سەدرییەکان هەڵمەتێکی بەرفراوانی پێشوەختە و شۆیەکی گەورەیان کرد کە سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق کە دەبێ سەدری بێت و لە هەڵبژاردندا کەمتر لە 100 کورسی بەدەستناهێنن.

یاسین تەها|

بۆ دووەمجار لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا موقتەدا سەدر بڕیاری کشانەوەی لە پرۆسەی سیاسی راگەیاند و کاری دەستەی سیاسی رەوتەکەشی هەڵپەسارد. هەنگاوی ئەمجارە کە سێ مانگ بەر لە هەڵبژاردن بڕیاری لێدا، لەکاتێکدایە لە ماوەی رابردوودا سەدرییەکان هەڵمەتێکی بەرفراوانی پێشوەختە و شۆیەکی گەورەیان کرد کە سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق کە دەبێ سەدری بێت و لە هەڵبژاردندا کەمتر لە 100 کورسی بەدەستناهێنن.

کشانەوەی موقتەدا سەدر لە کاتێکدایە کە خۆی و رەوتەکەی دووچاری کێشە و قەیرانی زۆر بوونەتەوە؛ لەناوخۆی رەوتەکەیدا کێشمەکێشی زۆر هەبوو لەسەر خۆ بەربژێرکردن و چۆنییەتی بەشداریکردنی هەڵبژاردن لەچوارچێوەی پرۆژەی (البنیان المرصوص)، لە ماوەی رابردووشدا زۆر باس لەوەدەکرا کە هەندێك لە کادرەکانی پەنایان بۆ خۆ بەربژێرکردنی سەربەخۆ بردووە، چونکە لیستەکەی پڕبووە و ئەمەش یەکڕیزیی ناسراوی سەدرییەکان دەخاتە بەردەم مەترسی. جگە لەوەش پەیوەندی سەدر لەگەڵ هێزە مەدەنییەکانی تشرینی 2019 هێشتا هەر گرژەو هەندێك لە خۆپیشاندەران دەمیان تاڵە لێی و لە بکوژەکان جیای ناکەنەوە، هەرچەندە ماوەیەکی زۆریش پێکەوە هاوپەیمان بوون. دۆستایەتی ئەمانەش یەکێك بوو لە شانازی و جیاوازییەکانی سەدر و تێکچوونی پەیوەندییەکەیان بێزاری کردووە. لەلایەکی دیکەوە دوو وەزارەت کە لەسەر سەدرییەکان ئەژمار دەکرێن (کارەبا و تەندروستی) کارێکی زۆر خراپیان هەبوو لەم هاوینە، بەتایبەت پاش داڕمانی کارەبای نیشتمانی و سووتانی نەخۆشخانەکانی ئیبن خەتیبی بەغدا و حوسێنی زیقار، ئەمەش سەدری لە سەروکاری چاکسازی "راعي الإصلاح" ـەوە کردە ئامانج و جێگەی رەخنەو ناڕەزایی. شانبەشانی ئەم هۆکارانەش، لەسەرچاوە ئاگادارەکانەوە بڵاوە کە سەدرییەکان پێشبینی بەدەستهێنانی 30 کورسییان کردووە بۆ هەڵبژاردنی 10ی تشرینی داهاتوو، ئەمەش خەونی سەدر بۆ کۆنترۆڵکردنی حکومەتی ئایندە دەخاتە مەترسی و بەدوور نازانرێت هانیبدات کە هەوڵی دواخستنی هەڵبژاردن بدات یان بیەوێت رێساکانی یارییەکە بەجۆرێکیتر بگۆڕێت کە دووچاری ئەو پاشەکشەیەی نەکەن. چونکە سەدر لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی کراون هەمیشە پێشەنگی هێزە شیعەکان بووە و بەبێ هاوپەیمانی، هەمیشە دەوروبەری 30% دەنگەکانی جەماوەری شیعەی بەدەستهێناوە.

هەرچەندە کشانەوە لە هەڵبژاردن وەك پرسێکی ناوخۆیی سەدری دێتەبەرچاو، بەڵام کێشە و گیرگرفتی زۆر بۆ سەرجەم پرۆسەی سیاسی عێراق دروستدەکات. لە راگەیاندنی بڕیاری کشانەوەدا لە هەڵبژاردن، سەدر ئاڵای سوپای مەهدی و لیوای "اليوم الموعود"ی هەڵکردبوو (دوو میلیشیای سەدری بوون) کە دەشێت وەك هەڕەشەی گەڕانەوە بۆ ساڵانی شەڕی تایفی و "موقاوەمە" لێکبدرێتەوە کە دۆخێکی نەخوزراوە و عێراق دەباتەوە چوارگۆشەی یەکەم. بەتایبەت کە مەترسی کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکانیش لە ئارادایە. هەروەها بەبێ سەدر مەترسی ئەوە هەیە شیعەکان زۆرینەی خۆیان لەنێو ئەنجوومەنی نوێنەرانی داهاتوو لەدەستبدەن یان سەنگ و قەبارەی پێکهاتەی شیعە پاشەکشە بکات، بەوپێیەی لەهیچ خولێکدا قەبارەی سەدرییەکان لە 30 کورسی کەمتر نەبووە و ئێستاش 52 کورسییە. ئەمەش بۆ سەرجەم پێکهاتەی شیعە هێڵی سوورە کە هەمیشە گرێی زۆرینە و کەمینەیان هەیە. جگە لەمانەش هەڵبژاردنی پێشوەختە و یاساکەی و دابەشکردنی کورسییەکانی وەك کراس بەبەری باڵای رەوتی سەدردا دووراون و بەشی زۆریشی بەپێداگری و لەسەر داوای ئەوان داڕێژراوە و، هێزە شیعەکانی دیکە وەك ئەوان بەدڵیان نەبووە. ئەگەر ئەم رەوتە جەماوەریی عەقیدەییەش لە هەڵبژاردنی نوێ بکشێنەوە، هێندەی دیکە سارد و سڕی دەکات و رێژەی بەشداری دەخاتە مەترسییەوە کە بەردەوام لە عێراق دا لە پاشەکشەدایە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەشێکی بەرفراوان لە هێزە نوێیەکانی پاش خۆپیشاندان بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردووە چونکە پێیانوایە، مەرج و دەرفەتی کێبرکێکردنی تەندروستی تێدا نییە و هەژموونی چەك و پارەی سیاسی و بەکارهێنانی دەزگاکانی دەوڵەت لە بەرژەوەندی هێزە باڵادەستەکان، بەسەریدا زاڵە.

مستەفا کازمی سەرۆکوەزیران، لە تویتێکدا دەڵێت "ناکرێت تەسەوری بەشدارینەکردنی سەدرییەکان لە هەڵبژاردن بکرێت"، ئەم دەربڕینە هەرچەندە لە چوارچێوەی داوای پاشگەزبوونەوە و موجامەلەی سەدرییەکان خراوەتەڕوو بەتایبەت بەشی زۆری هێزی کازمی لە سەدرەوەیە و هیوای بە ئەویش هەیە بۆ خولی داهاتوو، بەڵام بەدیوەکەی دیکەدا باوەڕێکی زاڵی نێو ناوەندی سیاسییە کە ناکرێت سەدر لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن بێت، بەتایبەت لەبەر زۆر هۆکار کە گرنگترینیان پێویستیی پاراستنی باڵە چەکدارەکەیەتی (سرايا السلام) بە رووپۆشێکی سیاسی و پەرلەمانی . لەم نێوەندەشدا سەدر ئەزموونێکی تاڵی پێشووتری هەیە لە ساڵانی 2007 و 2008 کاتێك برێك لە دەسەڵات دووربوو، چەکدارەکانی کەوتنە بەر گورز و زەبری حکومەت کە نووری مالیکی سەرۆکایەتی دەکرد و رەتەکەی دووچاری سەرکوتکردنی زۆر بووەوە. جگە لەوەش سەدر خۆی شانازی بەوەوەکردووە هیچ حکومەتێکی عێراق لە دوای 2003 بەبێ پرس و رای ئەو دانەنراوە، ئێستاش سەدرییەکان لە سەرجەم جومگەکانی دەوڵەتدا هەن و هەرچەندە ژێرخانی جیابوونەوە و

دوورکەوتنەوەیان هەیە، بەڵام قورسە بڕوا بەوە بکرێت کە بتوانن لە دەرەوەی دەسەڵات هەڵبکەن بەتایبەت ئێستا کە جگە لە ئەمینداریێتی ئەنجوومەنی وەزیران، بانکی ناوەندیی عێراقیشیان بەدەستەوەیە و لەپاش بڕیارەکەی سەدریش بۆ کشانەوە هەروەك خۆیان ماونەتەوە.

سەدر زۆر شۆی سیاسی هەبووە کە دواتر پاشەکشەی لێکردووە، هەر لە مانگرتن و خۆپیشاندانەوە تاوەکو دەگاتە کشانەوە لە حکومەت و پەرلەمان. هەندێکجاریش گەیشتووەتە بەجێهێشتنی عێراق لەلایەن خۆیەوە، بەڵام دواتر یان لەژێر گوشاری جەماوەرەکەی یان تکا و داوکاری هێزە سیاسییەکانی دیکە یان لەبەر بەرژەوەندی رەوتەکەی پاشەکشەی لێکردووە. باوەڕێکی زاڵیش هەیە کە ئەمجارە بەهەمانشێوەی جارانی دیکە بگەڕێتەوە بۆ نێو پرۆسەکە و هێندە هەیە بەم هەنگاوە رەخنەو ناڕەزایی و کێشە ناوخۆییەکانی سەر رەوتەکەی هەناردەکرد بۆ دەرەوە و، ئەوەی بەرەو ئاقاری خۆ خۆشەویستکردن و تکای گەڕانەوە بۆ یارییەکە گۆڕی، کە هەندێکیان لە رکابەرەکانی و هەندێکی دیکە لەو لایەنانەن کە پێیانوایە چەپڵەی هەڵبژاردن بەدەستێك لێنادرێت و بەبێ سەدر پرۆسەکە بەباشی بەڕێوەناچێت.

*ئەم وتارە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی هەفتانەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو ، لەلایەن هاوکاری ناوەند یاسین تەها نووسراوە.